پاشکۆی ٢

گەورەی ماڵ وکرێکارەکان

" نمونەی گەورەی ماڵ " لە مەتا ١٣: ٥١- ٥٢ ،

وە " نمونەی کرێکارەکان " لە مەتا ٩: ٣٥- ٣٨ تایبەتن بە

شایەتیدان لە شانشینی خودا

أ . نمونەی گەورەی ماڵ

مەتا ١٣: ٥١- ٥٢ بخوێنەوە .

عیسا لە شێوەی فەرمان ئەم نمونە باس دەکات ئەم فەرمانەش دەسوڕێتەوە بە دەوری مامۆستایانی ڕاستەقینەی شەریعەتدا (نوسەران) . لە ماوەی سەردەمی عیسادا مامۆستایانی شەریعەت زۆربوون (ڕابیەکان) ئەوان لەسەر دەستی مامۆستایانی دیکە ڕاهێنرابوون و پێگەیشتبوون ، ئەوان بە شێوەیەکی تایبەت گرنگیان بە لایەنی پەرستن دەدا و زۆر شرۆڤەو جێبەجێکردنیان دەخستە ڕوو لەوبارەیەوە وە دوای ماوەیەکی کورت نەریتی پیران هاتە کایەوە مەتا ١٥: ٢ ؛ بڕوانە وانەی ٢٥ لەم ڕێبەری ڕێنماییەدا ئەمانە مامۆستای شەریعەت نەبوو بەڵکو ئەوان مامۆستای ڕاستەقینەی شەریعەت بوون .

١. چیرۆکە سروشتیەکە تێ بگە کە لە نمونەکەدا پێشکەش کراوە.

پێشەکی : نمونەکە بە زمانێکی میتافۆری دەدوێ و واتای ڕۆحیەکەی بونیاد نراوە لەسەر ئەم زمانە میتافۆریە . بۆیە یەکەمجارشرۆڤەی وشەکانی نێو چیرۆک ونمونەکەو بانگراوندە کلتوریەکەی دەکەین ودەخوێنین / شارستانی و ڕاستیە میژوویەکانی .

گفتوگۆی لەبارەوە بکە : ئەو فێرکردنە سەرەکیە کامەیە نمونەکە پێشکەشی دەکات ؟

تێبینیەکان .

" گەورەی ماڵ " ئەو کەسەیە کە کاروبارو موڵک وماڵاتی خاوەن ماڵ بەڕێوە دەبات و گەنجینەش ئەو شوێنەیە کە تیایدا پارێزگاری دەکرێ لە موڵکو ماڵات و سامانی بەنرخ . بێگومان ئەم گەنجینەیە زۆر شتی کۆن ونوێ لە خۆ دەگرێ و کاتێ پێویست بوون ئیدی گەورەی ماڵ یان بەڕێوەبەر دەریدەکات ئەم بنەمایە ئاسانە بۆ تێگەیشتن .

٢ . چوارچێوەی دەقە ڕاستەوخۆکە بخوێنەوەو تاقی بکەوە ، وە بنەماکانی نمونەکە دیاری بکە .

پێشەکی : چوارچێوەی "چیرۆکەکە" زۆرجار ڕەهەندو بانگراوندی هەیە یان شرۆڤە کردن وجێبەجێکردنی نمونەکەی هەیە . دەکرێ ئاماژە بۆ بانگراوندی نمونەکە گونجاو بێت لەگەڵ پێناسەی چیرۆکەکە بۆ ئەو بارودۆخەی نمونەکەی تێدا باسکراوە . وە زۆرجار بانگراوندی نمونەکە کەوتوەتە پێش چیرۆکی نێو نمونەکەوە ، بەڵام شرۆڤە یان جێبەجێکردنی دوای چیرۆکی نمونەکە باسکراوە .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : چیرۆک و بانگراوند و شرۆڤە یان جێبەجێکردنی ئەم نمونەیە چی یە ؟

تێبینیەکان .

أ. بانگراوندی نمونەی هاتوو لە مەتا ١٣ .

بەشی ١٣ پێکهاتوە لە حەوت نمونەی تر لەبارەی شانشینی خودا و پرسیاری زۆر گرنگ لە خۆ دەگرێ کە عیسا دەیخاتە ڕوو لە ئایەتی ٥١ دا ئایا لەم شتانە هەمووی تێگەیشتن ؟

ب. چیرۆکی نێو نمونەی هاتوو لە لۆقا ١٣: 52 .

ج. شرۆڤە یان جێبەجێکردنی نمونەکە لە نێو هەمان ڕونکردنەوەی نمونەکەدایە .

٣. وردەکاری پەیوەندیدار و ناپەیوەندیدار بە نمونەکە دیاری بکە.

پێشەکی : عیسا مەبەستی نەبوو بڵێ هەر خاڵێکی نێو نمونەکان واتاو مەبەستێکی ڕۆحی لە پشتەوەیە ، وە وردەکاری نێو نمونەکە خاڵی جەوهەری یان بابەتی سەرەکی لە خۆ دەگرێ ، بۆیە دەبێت هەوڵ بدەین واتاو مەبەستی ڕۆحی بۆ هەموو خاڵێک و وردەکاری نێو نمونەکان دیاری نەکەین .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : ئەو وردەکاریانە کامانەن نمونەکە لەخۆی دەگرێ و بە سەرەکی و واتادار دادەنرێن ؟

تێبینیەکان .

گەورەی ماڵ یان بەڕێوەبەری ماڵ .

ئەم خاڵە زۆر گرنگە : گەورەی ماڵ نیشانەوە هێمایەکە بۆ مامۆستای ڕاستەقینەی شەریعەت .

گەنجینەو ئەو شتە بەنرخانەی تێیدایە .

لەگەڵ ئەوەی ئەم بنەمایە شرۆڤە نەکراوە لە نمونەکەدا بەڵام گرنگە چونکە گەنجینەکە وێنەیەکە بۆ ناخی خەڵکی و چی شتێکی بەنرخی تێدایە وەکو لایەنی ڕۆحی کە لە ژیانیاندا کۆیان کردۆتەوە .

شته کۆنەکان شتە ڕۆحیەکانە کە لە لێکۆڵینەوەیان بۆ پەیمانی کۆن کۆیان کردۆتەوە هەروەها شتە نوێیەکان شتە ڕۆحیە نوێیەکانە کە کۆیان کردەوە کاتێ قوتابی مەسیح بوون .

٤. پەیامی سەرەکی نمونەکە دیاری بکە .

پێشەکی : پەیامی سەرەکی نمونەکە لە شرۆڤەو جێبەجێکردندایە یاخود دەکرێ کورتبکرێتەوە لە خودی نمونەکەدا .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : پەیامی سەرەکی ئەم نمونەیە چی یە ؟

تێبینیەکان .

نمونەی گەورەی ماڵ لە مەتا ١٣: 51- 52 فێرمان دەکات لەبارەی قوتابی بوون لە شانشینی خودا . پەیامی سەرەکی نمونەکە ئەوەیە : دەبێت ماموستایان لە شانشینی خودا ئەو ئەرکو بەرپرسیارێتیە لە ئەستۆ بگرن کە تایبەتن بە لێکۆڵینەوەی پەیمانی کۆن و نوێ تاکو ئەو گەنجینە ڕۆحیە دەربکەنەوە دەرەوە کە تیایاندا شاراوەتەوە و لەسەریانە خەڵکی تر فێر بکەن .

٥. بەراوردی نمونەی هاوسەنگی و بەرابەری لە کتێبی پیرۆزدا.

پێشەکی : زۆرێك لە نمونەکان لەیەك دەچن و هاوشێوەن هەندێ جار دەتوانی بەیەکتریان بەراورد بکەیت ، ئەو ڕاستیەی لە هەر

نمونەیەکدا هەیە هاوسەنگە یان بەرابەر ڕاستیەکە بەشەکانی دیکەی کتێبی پیرۆز بۆمان ڕوون دەکاتەوە فێرمان دەکات . هەوڵ بدە ئەو ئایەت و شایەتە کتێبیە بدۆزیتەوە کە بەرابەر یان هاوشێوەی نمونەیەکەو یارمەتیدەرە بۆ ڕاڤەکردنی نمونەکە . ئاگادار بە لە ڕاڤەکردنی هەر نمونەیەك پشت ببەستە بە فێرکردنی ڕوون و ڕاستەوخۆی کتێبی پیرۆز .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : هەریەك لەم بەشە کتێبیانە چیمان فێر دەکات بە بەراورد لەگەڵ ئەوەی نمونەکە فێڕمان دەکات ؟

عەزرا ٧: ١٠ .

مەتا ٢٣: ٣- ٤ .

کردار ٢٠: ١٨- ٢٧ .

٦. کورتەی فێرکردنی سەرەکی نمونەکە .

گفتوگۆی لەبارەوە بکە : ئەو فێرکردنە سەرەکیە کامەیە نمونەکە پێشکەشی دەکات ؟ عیسای مەسیح دەیەوێ چی بزانین و باوەڕمان بە چی هەبێت وە دەیەوێ چی بکەین و چۆن بین ؟

تێبینیەکان .

دەبێت مامۆستایان لە شانشینی خودا ڕاهێنانی تەواو وەربگرن .

ئەوەی دەقەکە دەیڵێ ئەوەیە کە لەکاتێکی ژیاندا ئەم پیاوە بوە قوتابی یان ڕاهێنانی پێکرا تا ببێتە قوتابی لە شانشینی خودا . هەموو مامۆستایەك یان شوان یان پیر یان خزمەتکار دەبێت لە شانشینی خودا ببێتە قوتابی دەبێت بەشێوەی کەسێتی دان بنێت بە موڵك وحوکم ودەسەڵاتی خودا بۆ سەر ژیانی و دڵی . لەگەڵ ئەوەی مامۆستایانی شەریعەتی جولەکە دانیان دەنا

به پەیمانی کۆندا و هەموو نەریتەکانی پیرەکان کە فەرزیان کردبوو لەسەریان وزیاد کرابوون بۆ پەیمانی کۆن بەڵام مامۆستایانی مەسیحی دەبێت فێرکراوبن و ڕاهێنەریش بن لەو کاروبارانەی تایبەتن بە شانشینی خودا . وە لە هەموو نمونەکانی عیسای مەسیح ، هەروەها لە سروشتی شانشینەکەی خودا تێبگەن .

دەبێت مامۆستایان لە شانشینی خودا بەرپرسیارێتی بەڕێوەبردنی خێزانەکانیان لە ئەستۆ بگرن .

مەتا ٢: ١١ ؛ ٦: ١٩ـ ٢١ ؛ ١٢: ٣٥؛ ١٣: ٤٤؛ ١٩: ٢١ .

مامۆستایان لە شانشینی خودا توانایان هەیە ئەوەی لە گەنجینەکەدایە دەری بکەنەوە دەرەوە وەکو مرواری گرانبەهای نوێ وکۆن .

یۆحەنا ١٤: ٦ ؛ ١٨: ٣٧ ؛ مەتا ٥: ١٧ـ ٤٨ ؛ مەتا ٢٥: ٤٦ ؛ کردار ٢٠: ٢٠ ، ٢٧ ؛ مەتا ٢٣: ٢٣ ؛ مەتا ١٣: ٣ـ ٥١ ؛ مەتا ٥: ٢١ـ ٦: ٢٤ . بەڵام وتارو ئامۆژگاری مامۆستایانی جولەکە وشك بوو وەك وشکایی خۆڵ و لمی بیابان .

مەتا ٢٣: ١ـ ٣٣ ؛ مەتا ٥: ١٧ـ ١٨ ؛ ٧: ٢٨ـ ٢٩ ؛ ٢١: ١٢ـ ١٤ ؛ یۆحەنا ١٢: ٤٩ـ ٥٠ ؛ یەرمیا ٢: ١٣ ؛ دەبێت خزمەتکاران ومامۆستایان لە شانشینی خودا بەردەوام لەو ئاوە بخۆنەوە کە عیسای مەسیح دەیدات یۆحەنا ٤: ١٤ ؛ بینین ٢٢: ١، ١٧ .

ب. نمونەی کرێکارەکان و دروێنە

مەتا ٩: ٣٥ـ ٣٨ بخوێنەوە .

١. چیرۆکە سروشتیەکە تێ بگە کە لە نمونەکەدا پێشکەش کراوە.

گفتوگۆی لەبارەوە بکە : ئەو فێرکردنە سەرەکیە کامەیە نمونەکە پێشکەشی دەکات ؟

تێبینیەکان .

دروێنە .

دروێنەی کێڵگە فراوانەو پێویستی بە بایەخدانی ڕاستەوخۆ هەیە یان بایەخدان بە گەنمی پێگەیشتوو یانیش بە دروێنەکردنی چونکە کێڵگە ئامادەیە بۆ دروێنە . وە ئەو کێڵگەیەی عیسا باسی دەکرد زۆر کاری تێدا بوو تا بکرێن .

کرێکارەکان .

ئەوانە کرێکاری ڕۆژانەن ئەوانەی بەکرێ دەگیرێن ڕۆژانە تاکو لە کێڵگەکەدا کار بکەن . لەم چیرۆکەدا ژمارەی ئەوانەی ئەم کارەیان دەکرد کەم بوون .

٢ . چوارچێوەی دەقە ڕاستەوخۆکە بخوێنەوەو تاقی بکەوە ، وە بنەماکانی نمونەکە دیاری بکە .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : چیرۆک و بانگراوند و شرۆڤە یان جێبەجێکردنی ئەم نمونەیە چی یە ؟

تێبینیەکان .

أ. بانگراوندی نمونەی هاتوو لە مەتا ٩: ٣٥ـ ٣٦.

ئەم دوو ئایەتە وەکو کورتەیەکی تێڕوانین وایە لە خزمەتە مەزنەکەی عیسا لە جەلیل ، مەتا ٤: ١٢ تا ١٥: ٢٠ .

پەرێشانەکان .

وشەی پەرێشان یان ئازارچەشتوەکان لە واتا ڕەسەنەکەیدا پێی دەوترێ " ئەوانەی پێستیان لەبەر کراوەتەوە " یاخود لە کوردەواریدا کەوڵکراوەکان. مەتا ١١: ٢٨ ؛ مەتا ٢٣: ٤- ٥ ؛ مەتا ١٥: ١٤ ؛ مەتا ٢٣: ٢٣ .

دەربەدەرەکان .

لە زمانی ڕەسەندا واتە کەوتوەکان وە بەکار دێت بۆ ئەوەی کە تێکڕای گەلی ئیسرائیل لە سەر زەوی کەوتبوون بە لاوازی و ماندوو بوون و کەساس وزەبوون بوون و وازیان لێ هێنرابوو !

مێگەلی بێ شوان .

سەرجەم گەلی ئیسرائیل لە مێگەلێکی گەورە دەچوو کە شوانی نەبێت تاکو بیپارێزێ و بگەڕێ بە دوای ونبوەکانیدا ، حەزقیال ٣٤ .

ب. چیرۆکی نێو نمونەی هاتوو لە مەتا ٩: 37 .

ج. شرۆڤە یان جێبەجێکردنی نمونەی مەتا ٩: 37 وە بەشی دەیەم لە ئینجیلی مەتا .

لە مەتا ٩ عیسا هانی قوتابیەکانی دا کە نوێژ بکەن بۆ خودا تاکو کرێکار بنێرێ .

وە لە مەتا ١٠: عیسا قوتابیەکانی ڕاهێنا تاکو بنە کرێکار .

٣. وردەکاری پەیوەندیدار و ناپەیوەندیدار بە نمونەکە دیاری بکە.

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : ئەو وردەکاریانە کامانەن نمونەکە لەخۆی دەگرێ و بە سەرەکی و واتادار دادەنرێن ؟

تێبینیەکان .

عیسا مەبەستی نەبوو بڵێ هەر خاڵێکی نێو نمونەکان واتاو مەبەستێکی ڕۆحی لە پشتەوەیە ، وە وردەکاری نێو نمونەکە خاڵی جەوهەری یان بابەتی سەرەکی لە خۆ دەگرێ ، بۆیە دەبێت هەوڵ بدەین واتاو مەبەستی ڕۆحی بۆ هەموو خاڵێک و وردەکاری نێو نمونەکان دیاری نەکەین .

دروێنە .

مەتا ١٠: ٦ ؛ مەتا ٢٨: ١٨- ٢٠ .

کرێکارەکان .

مەتا ١٠: ٥- ٧ ؛ ٢٨: ١٨- ٢٠ .

٤. پەیامی سەرەکی نمونەکە دیاری بکە .

پێشەکی : پەیامی سەرەکی نمونەکە لە شرۆڤەو جێبەجێکردندایە یاخود دەکرێ کورتبکرێتەوە لە خودی نمونەکەدا .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : پەیامی سەرەکی ئەم نمونەیە چی یە ؟

تێبینیەکان .

نمونەی دەوڵەمەندی گێل لە مەتا ٩: ٣٥- ٣٨ فێرمان دەکات لەبارەی شایەتیدان لە شانشینی خودا . پەیامی سەرەکی نمونەکە ئەوەیە : بەراوردێکی گەورە هەیە لە نێوان ژمارەی زۆری خەڵکی کە وێنەیەکن بۆ کێڵگە لەلایەك و کرێکارەکان ئەوانەی کێڵگەکە دروێنە دەکەن وکۆدەکەنەوە .

٥. بەراوردی نمونەی هاوسەنگی و بەرابەری لە کتێبی پیرۆزدا.

ئیشایا ٥٥: ١- ٧ ؛ ٦١: ١- ٣ ؛ یۆحەنا ٣: ١٦ ؛ ڕۆما ١٠: ١٢- ١٣ بخوێنەوە .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : هەر کام لەم بەشە کتێبیانە چیمان فێردەکات بە بەراورد بەوەی نمونەکە فێرمان دەکات ؟

تێبینیەکان .

هەر یەك لەم بەشانە ڕاستیەکی گرنگمان فێردەکات کە خودا دەیەوێ هەواڵی خۆشیی بگەیەنین بە گوناهباران وە خودا خۆی دڵخۆش دەبێت بە تۆبەکردنیان و ڕزگاربوونیان .

بڕوانە ١ پاشایان ٨: ٤١- ٤٣ ؛ زەبور ٧٢: ٨- ١٥ ؛ پەندەکان ١١: ٣٠ ؛ دانیال ١٢: ٣ ؛ میخا ٧: ١٨- ٢٠ ؛ مەلاخی ١: ١١ ؛ مەتا ٢٢: ٩ ؛ ٢٣: ٣٧ ؛ ٢٨: ١٩- ٢٠ ؛ لۆقا ١٥؛ ١٩: ١٠ ؛ یۆحەنا ١٠: ١٦ ؛ کردار ٤: ١٢ ؛ ١کۆرنسۆس ٩: ٢٢ ؛ ٢کۆرنسۆس ٥: ٢٠- ٢١ ؛ ١تیمۆساوس ١: ١٥ ؛ بینین ٣: ٢٠ .